نەوتی باکور: پێشبینی دەکەین لەماوەی ٤٨ کاتژمێری داهاتوودا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم دەستپێبکاتەوە

بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکور ئاشکرایکرد، پێشبینی دەکەن لەماوەی ٤٨ کاتژمێری داهاتوودا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم دەستپێبکاتەوە.

عامر خەلیل، بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکور بەمیدیاکانی راگەیاند "پێشبینی دەکەین لەماوەی ٤٨ کاتژمێری داهاتوودا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێی تورکیاوە دەستپێبکاتەوە".

وتیشی "حکومەتی عێراق لەبارەی داواکاریی کۆمپانیا نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان نەرمی نواندووە و، لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان بەرژەوەندی زیاتر لە ٩٥% لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت ڕێککەوتوون".

"کۆمپانیاکانی نەوت داوای گەرەنتی ماف و شایستەکانیان کردووە، حکومەتی عێراقیش ڕازامەندی دەربڕیوە ئەو گەرەنتییان بداتێ". بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکور وای وت